# زیرەکی دەستکرد و کاریگەرێتی لەسەر مرۆڤایەتی ٣-٣

ئامادەکردن و وەرگیرانی: هەڵۆ بەرزنجەیی






[مرۆڤ ئیعجازی هەرە هەرەگەورەی چەرخوفەلەکی نۆ نهۆمی کۆنینە و فەزای بێسنوور و بڕانەوەی سەردەمی زانست و تەکنیکە ( هەتا دەمی ئەم نووسینە قسەکەم بەڕاستی مطلق دەزانم ئەوجا ئەگەر لە دوارۆژدا ئیعجازی گەورەتر پەیدا بوو، واتە دۆزرایەوە، ئەوسا قسەکەدەگۆڕێت بە هێنانە خوارەوەی پلەی مرۆڤ لە ژمارە یەکەوە بۆ ژمارەدوو)].. مەسعوود محەمەد داهێنەری سەرەکی ئەم تەکنیکە و باشتر بڵێم ئەوەی لەپشت ئەم گۆڕانگارییانەوەیە ناسراوە بە سام ئالتمان : Sam Altman

[پێی وایە کۆمیوتەر جێی مێشکی مرۆڤ دەگرێتەوە] ... ئێستا ململانێ لەم دوو بۆچوونەدا خەست بۆتەوە و بیروڕای هەمەچەشنیان لەسەر هەیە.

ئەم بەشە بریتییە لە پوختەی خوێندنەوەی نزیکەی ٣١ وتار لەسەر زیرەکی دەستکرد. ئەو زانیارییانەی گرنگانەم بۆ پوختە کردوون کە لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەیان پێ نەکراوە دووپات نابنەوە..

شۆڕشی تەکنەلۆژیا وەستانی بۆ نییە و چرکە بەچرکە لە پەرەسەندن و داهێنانی نوێدایە...ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئایا بەڕاست ئەم شۆڕشەی کەوا ئێمە لە سەرەتاکانیداین پێگە و گرنگی و ڕۆڵی مرۆڤ لەق دەکات؟!... لەکاتێکدا هەموو کەرەسە و داهێنانەکانی ئەم شۆڕش و گەشەکردنە، بیرۆکە و دەستکردی خودی مرۆڤ خۆیەتی ؟..!

ئاخر سنووردارکردن و لابردنی ڕۆڵی مرۆڤ لەم هەسارەدا کارەساتی سەیروسەمەرەی لێ دەکەوێتەوە .. وەک تا ئێستا زانیومانە ڕۆڵی مرۆڤ و کاریگەرێتی لەسەر شانۆی جیهان پێویستە هەر لە پێشەنگیدا بێت.

پێویستە سنووری زۆرتر بۆ زیرەکی دەستکرد بکێشین٣١,٣,٢٣ Maria Fiedler ts !

لەدەست دەرچوونی زیرەکی دەستکرد هەڕەشە و مەترسی گەورەی لێ چاوەڕوان دەکرێ!.. بەئەندازەیەک چارەنووسی مرۆڤایەتی و شارستانێتییەکەی بەتەواوی نادیار دەکات..بۆیە مرۆڤدۆستەکان و ئەوانەی چاوچنۆکییان سنوورێکی هەیە، داوای دیاریکردنی یاساوڕێسایەک بۆ ئەم گەشەکردنە بێ سنوورەی زیرەکی دەستکرد دەکەن..!

ئەم تەکنەلۆژیایە، دەشێ تژی بکرێ لە زانیاری درۆ و ساختە و پروپاگەندەی زیان بەخش؟

ئەگەر پسپۆڕ و خاوەن کۆمپانیاکان ئەم خراپەکارییە Dystopie ساز دەدەن، ئەوە لەلایەک ئاکامی پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە.هەندێکیش دەڵێن: نابێ بترسین و دەبێ باوەڕمان وا بێت: چۆن زیرەکی دەستکرد دەتوانێ بەرهەمەکانمان و ژیانمان باشتر بکات؟ .

ئاخر کێشەکە ئەوەیە ئەو گۆڕانەی زیرەکی دەستکرد بەسەرماندا دێنێ بە هیچ جۆرێ ئێستا ناتوانین ببیێوین.. بۆنموونە ChatGPT دەتوانێ بۆ تاقیکردنەوەی پزیشکی خوێندکارێکیش بێ ئەوەی زیرەک و لێوەشاوە بێت بە چەند خولەکێک بابەت ئامادە بکات، یان گازندە و داوایەکی یاسایی ئامادە بکات. ئەمانە جێی مەترسین!..هەروەها باس لە مۆدێلی پێشکەوتووتری وەک ٤-ChatGPT دەکرێ و لە زیرەکی دەستکردیشدا باس لە سوپەر ئینتەلیگێنس دەکرێ.. جا بزانن چەند مۆدێلی ڕانەگەیەندراوی تریش وا بەرێوە؟..!

لە هەمووی گرنگتر، دەبێ زیرەکی دەستکرد بە چ ستانداردێکی مۆڕاڵی کار بکات؟ کامە ئەرک جێبەجێ بکات و چی نەکات؟ چۆن دەتوانین ڕێی لێ بگرین درۆ نەکات، خراپەکاری نەکات و توندوتیژانە رەفتار نەکات؟ پێویستە چۆن ڕێگریی لە کاریگەرێتیی کۆمەڵگەی نەخوازراو بکەین لە رێی زیرەکی دەستکردەوە ؟ ئایا ئەوە قبوڵە مرۆڤ تواناکانی لەدەست بدا و بدۆڕێنێ، ئەگەر بێت سبەی زیرەکی دەستکرد ئەو ڕۆڵە وەرگرێ؟ .

گرنگە وەڵامی ئەم پرسیارانە بۆ ئەو کۆمپانیای کەسییانە بەجێ بهێڵدرێ، کە بەدوای بەرژەوەندی ئابوورییەوەن .

لەسەر ئاستی یەکێتی ئەورووپا ستراتیژی زیرەکی دەستکرد نییە. پلانی رێکخستنی هەیە و تا دەخرێتە گەڕ زۆری پێ دەچێت. تەنانەت پێناسەی زیرەکی دەستکرد مشتومڕی لەسەرە.. کەواتە لەسەر ئاستی سیاسیش سەرنج و تێبینی هەیە...

ئەم کێشەیە دەبێت ئینتەرناسیۆنال چارەسەر بکری، نەک هەر وڵاتێک بۆ خۆی و زۆر بەخێرایش ، پشوودان بۆ ماوەیەک چارەسەر نییە. ئەو هەنگاوەش خاوەن کۆمپانیا و پسپۆرەکان نەخشەیان بۆ کێشاوە، نەک دەوڵەت یان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ..

کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ هەموو پسپۆڕان و کۆمپانیاکان و شارەزایانی ئەم بوارە لە هەموو جیهاندا و سیاسییەکان پێکەوە کاری بۆ بکەن..

ئەم تەکنیکە نوێیە بەردەوام لە گەشەکردن و بەرەوپێچووندایە، و داهێنان لەدوای داهێنان دەخاتە بەردەست.. هێز نییە بتوانێ بەر بەو بەرەوپێشچوونە بگرێ... بە مانایەکی تر بتوانێ دوا پێناسە و ناساندنی بۆ بکات. بە هەمووی نیوساڵ دەبێ چات گیپیتی کەوتۆتە بازاڕەوە ، کەچی زۆرترین قسەوباسی بەدوای خۆیدا هێناوە ..

توانای چات گیپیتی زۆرە بۆ نموونە چەمکی مۆڕاڵ روون دەکاتەوە وەک ئەوەی ڕەچەتەی خواردنی سپاگێتی بە سۆسەی تەماتەوە ئامادە بکات.. دەتوانێ بابەتت بۆ بنووسێ، تێکست لە شێوەی ئەوەی Taylor Swiftیان Bob Dylanئامادە بکات.. دەتوانێ وتاری رۆژنامەیی بنووسێ و بە هەڵسەیەک Website شرۆڤە بکات و پێشنیازی باشترکردنی بکات.. وێنەو نیگارت بۆ دەکێشێ کە بە چەندین هونەرمەند نەکێشراوە .. پێی بڵێ تۆ ئاوازدانەر نیت، من تێکستی گۆرانییەکت دەدەمێ ، تۆ ئاوازەکەی بۆ دانێ! دەیکات. لە ئێستادا تەنیا لە بیۆگرافی ناوی کەسەکان هەڵە دەکات، بەهۆی لێکچوونی زۆری ناوەکان لە یەکتر و زۆرجار دووبارەبوونەوەیان.

چات گیپیتی ٤ کە گەشەپێدراوی زیرەکی دەستکردە و خاوەنی مۆدێلی ڕۆبۆرت و قسەکردنە/ گفتوگۆکردن ، سیفاتەکانی ئەوەیە خێراترە و کەمتر هەڵە دەکات و زۆرتر دەزانێ...

(هێنری کیسنجەر) دەڵێ: "ئەم گەشەکردنە خێرایە مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی Intellektuelle Umwälzung دەکات کە لەوەتە چاپەمەنی داهاتووە نەمان بیستووە و نەمان دیوە."

هەموو کۆمپانیا زەبەلاحەکانی Microsoft,Google,Amazon,Meta پێشبڕکێ دەکەن لەسەر دروستکردن و بەدەستهێنانی مۆدێلێکی باشتر و پێشکەوتووتری ئەم تەکنەلۆژیا نوێیە.. بۆ نموونە بانگاشەی Meta کە فەیسبووک و ئینستاگرام بەڕێوە دەبات، دەڵێ: "دەمانەوێ لە ڕێی ئەم ئەپ و پرۆگرامانەوە خزمەتگوزاری زیاتر پێشکەش بە بەکارهێنەرانمان بکەین"... جا چی تر لە پشتی ئەم بانگاشەیەوەیە، ئەوە دەبێت لێی وریا بین.

ئەم تەکنەلۆژیایە لە ڕووی ئابوورییەوە نرخ و تێچووی زۆر لە بەرهەم هێنراوەکان وەک Micochips کەم دەکاتەوە.. دیارە هاوکاتیش هەڕەشەش لە سەر بازاڕی Marketing و ئامۆژگاریی کەرانی دارایی و پرۆگرامسازان و پیشەی ڕۆژنامەنووسی هونەرمەند و نیگارکێشان نووسەران زۆر بواری تر دێنێتە پێشەوە.. هاوکات نابێت ئاماژەش بەوە نەکەین کەوا ئەگەر کۆمەڵێ کاریش نەهێڵێ! دەرفەت بۆ کۆمەڵێکی کاری نوێ ساز دەدات. لە ٢٠٣٥ هیچ پیشە و کارێ نامێنن کە بە زیرەکی دەستکرد کار نەکات.. لەهەمووی زیاتر ئەو کات جێی مەترسییە کە خراپ بەکار بهێنرێ و ئامانجی ترسناک بگرێتە بەر.... هەر ئەم دوودڵی و ترسەیە وا دەکات یەکێتی ئەوروپا داوا دەکات پێویستە یاساوڕێسا بۆ بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد دابنرێت..

ئەگەرچی ئێمە لەسەرەتای شۆڕشێکی نوێداین دەکرێ بەشۆرشی پیشەسازی بەراورد بکەین .

"دەبێ چی ڕوویدات ئەگەر بێت و زیرەکی دەستکردی نامرۆڤ باشتر لە مرۆڤ چیرۆک بگێڕێتەوە و ئاواز دابنێ و وێنەبکێشێ س پیت و دەقەکان بنووسێ؟؟ ".. یوڤال. ن.هەراری

هەروەها گۆڤارە دیارەکانی وەک Nature و زۆری تریش تا ئێستا چات گیپیتی بە نووسەر قبوڵ ناکەن. ڕۆبۆرتی قسەکردن/ گفتوگۆ دەتوانرێ بەکاربهێنرێ بەڵام پێویستە لەژێر چاودێریدا بێت. داوا دەکرێ یاسای ڕوون بۆ جیاکردنەوەی زانست و بیروڕا هەبێت و گفتوگۆی ئاسایی هەبێت بەس نابێت بە ئاراستەی دوژمنکارانە بێت..

لەم دید و پەرۆشەوە داواکارییەک لە فەیلەسووفان و بیرمەندان کراوە بە بیروڕاکانیان دەربڕن و بەشداری بکەن لەم تەکنیکە نوێیەدا و سەرنج و تێبینی خۆیان دەشبڕن. نەک دوایی هەموو گلەیی و گازندەیەک لەملی خاوەن کۆمپانیاکان و ئەندازیاران بپێچن ..

یەکێتی ئەوروپا بە پەرۆشەوە لە هەوڵی ئەوەدایە یاساوڕێسایەکی گشتی و چەسپاو بۆ سنووردارکردنی تەکنەلۆژی ناوبراو دانێ و مەترسییەکانی لەسەر چارەنووسی مرۆڤایەتی کەم بکاتەوە... بەداخەوە نە لە ئەمەریکا و نە لە چین هیچ جۆرە پەرۆشێکی لەو جۆرە نییە و بەڵکوو لەیەکەمیان پێشبڕکێی داهێنانی مۆدێلی نوێتر لەگەڕدایە و چینیش بە هەمان شێوە دەیەوێ لە ململانێدا بێت لەگەڵ هەژموونی کۆمپانیاکانی ئەمەریکادا.. جگە لەوەی چای گیپیتی کە لەچین بۆ دەیان کاری پۆلیسی و چاودێری هاوڵاتیان بەکار دێت بەتایبەت ناسینەوەی ڕووخسار...تەنانەت هەواڵێک بڵاوبۆوە کەوا دزیتەکی گەورە لەرێگەی

ڕۆبۆرتی نابراوەوە لە چین ڕوویداوە و کەسێک توانیویەتی بە چات گیپیتی ٦٠٠,٠٠٠§ لە کەسێکی تر بدزێ ...

کۆمەڵەی Center for AI Safaty نامەیەکی بڵاوکردۆتەوە کەوا لە لایەن ٣٥٠ پسپۆر و هێزی بەڕێوەبەری ئەم تەکنەلۆژییەوە ئیمزا کراوە لەوانە سام ئالتمان خاوەنیOpenAL کە چات گیپیتی داهێنا، Demis Hassabis شێڤی کۆمپانیای DeenMind کە گولگەشی هەیە وGeoffrey Hinton و Yoshua Bengio داوا دەکەن حکومەتی ئەمەریکا شتێ بکات و سنووری بۆ ئەم چات گیپیتییە دانێ و بە پێی هەواڵێکی New York Times گوایە ئالتمان و هاسابیز لەم ڕووەوە دیداری جۆن بایدنیشیان کردووە ..

دەردەکە ئێمە دەزانین کە زیرەکی دەستکرد بەهێزە و زانیاری زۆری هەیە بەڵام ئەوەی نایزانین ئێمە چۆن رەفتاری لەتەکدا بکەین.

ئاخر کاتی زیرەکی دەستکرد بتوانی زانیاری ناڕاست بڵاوبکاتەچەند ئەستەمە تۆ شتەهایەکت لا ڕاست بێت و ئەو بێت بە درۆ بڵاویان بکاتەوە...

بەکورتی مەترسی گەورە و ترسناک زۆرن و دەبێت دنیا لێی بەدەنگ بێت و گەنگەشەی بکات و باشترین ڕێگا هەڵبژێرێ بۆ گەشەکردن و بەکارهێنانی...

کیسنجەری بەتەمەن لەگەڵ سەرۆکی کۆمپانیای گوگلی کۆن پرۆفیسۆرێکدا کتێبی :

Age of AI and Our Human Future لەسەر ئەم بابەتە دەنووسێ:"زیرەکی دەستکرد جیهانێکی نوێ دەخولٌقێنێ لە بازاڕ قوتابخانە و وانەکانی فێربوون پێوەندی هاوڕێیەتی دا". نموونەیەک لەسەر جیاوازییەکە دێنێتەوە وەک ئەوەی ژیانی ئێستا و نیو سەدە بەر لەئێستا چەند جیاوازە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەگەر بێتوو زیرەکی دەستکرد باڵا دەست بێت ،مەودای جیاوازی ژیانی ئێستا و ئایندە زیاتر دەبێت.ئەم تەکنیکە بەتایبەت نەوەی نوێ لێی سوودمەند دەبێت!!هەر ئەوانیشن دەبێت بەرپرسیارانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم تەکنیکەدا بکەن ..!

(نوام چۆمسکی)ش لەسەر ئەم بابەتە هاتۆتە دەنگ و خۆشەویستی مرۆڤ لە کرۆکی پەیامەژەیدا بە ئاشکرا دەردەکەوێ و دەڵێ: " هیچ ئامێرێ ناتوانێ لە دروستکردنی فیکردا جێی مرۆڤ بگرێتەوە، با ئەو ئامێر و تەکنەلۆژیایەش لە زۆر شتی تریشدا پێش مرۆڤ بکەوێتەوە.. بیرکردنەوە بەتەنیا ئەوە نییە وەڵام بدەینەوە، بەڵکوو داڕشتنەوەی پرسیارە، دیاریکردنی ئەو گیروگرفتەی دەیخەینە ڕوو ."

وەک زۆر جار جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە، هەموو ئەوەی لەم تەکنیکە چاوەڕێ دەکرێ، بەستراوەتەوە بە خودی مرۆڤەوە..مرۆڤ دەتوانێ پەنجە بە دوگمەیەکدا بنێیت هەموو سەرکێشی و مەترسییەکانی جگەرەکێشانی بۆ دێتە بەردەست، بەڵام بڕیاری واز هێنان لە جگەرەکێشان ، هەر مرۆڤ خۆی دەبێ بیدات و پێی هەڵدەستێ ..

دیدی چەند پسپۆڕێ لەسەر ئەم بابەتە:

یەکەم Dietmar Frey :بەڕێوەبەری Charité for AI in Medicine لە بەرلین

دەڵێ: چات گیپیتی لە بواری پزیشکیدا بایەخی گەورەی هەیە . هاوکاری و بکات و زانیاری زۆرتر بخاتە بەردەست نەخۆش و وەرگێرانی زۆری چەمک و باسی تایبەت بە بوارەکە کە سوود بە پەیوەندی نێوان نەخۆش و پزیشک دەگەیەنێ.. هاوکات لێرەدا پزیشک و پەرستار زۆر کاتیان بۆ دەگەڕێتەوە و دەتوانن زیاتر کات بۆ نەخۆشەکە تەرخان بکەن.. بەمەش قازانج لەوەدا دەکەن کەمتر ماندوو دەبن .

چاتی ناوبراو  لە ڕووی بیرۆکراتییەوە سوودی زۆرە، دەتوانێ ڕاپۆرتی چوونە دەرەوەی نەخۆش لە نەخۆشخانە  ئامادە بکات و بنووسێ و  تەواوی زانیارییەکان دەربارەی نەخۆشەکە ئامادە بکات ..

بێگومان  چاتەکە ناتوانێ بەدروستی وەڵامی سەرلەبەری پرسیارەکان بداتەوە، بۆیە پێشنیاز دەکرێ بۆ هەموو شتێ پشت بە چاتەکە نەبەستن. بەڵام ئەم لایەنەی چات گیپیتی بەردەوام لە چاککردندایە و  پێش ئەوەی بەکاری بهێنرێت  تاقی دەکرێتەوە و کۆنترۆڵی دەکرێت و ئەوجا بەکاردەهێنرێت.

دووەم Markus Beckedahl :دامەزرێنەری Neztpolitik.org & er: publica دەڵێ: " ئەوەی چات گیپیتی پێشکەشی دەکات شۆڕش نییە بەڵکوو گەشەکردنە. باس لە بایەخی ئەم سیستەمە دەکات  و ئاماژە بەوە دەکات چۆن پارێزگاری لە داتاکان دەکرێ و یاخود EU- AI- Act بەشی ئەو سەدان میلۆن کەسە دەکات کە بەکاری دێنن.

جا پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم سیستەمە هاوکاری قوتابیان دەکات  ئەرکەکانی ماڵەوەیان بۆ جێبەجێ دەکات.. دەرفەت و سنووری زانیاری ناڕاست زۆرە  ئێمە دەبێ فێربین چ جۆرە سنوورێکمان پێویستە بیکێشین.

سێیەم: خاتوو Janina Loh فەیلەسووفی تەکنیک و ئێتیک لە پەیمانگای Liebenau دەڵێ: پێویستە خاوەن کۆمپانیاکان  بەرپرسیارێتی بەرهەمەکانیان هەڵگرن لەوانەش زیرەکی دەستکرد .  پێویستە ئەو ئەرکیان بخرێتە و ناچار بکرێن لیسانسی/ مۆڵەتی بەرهەمە تەکنەلۆجیەکانیان بە ئێتیکەوە وەرگرن.  تەکنەلۆژی جیهانی کارکردنمان دەگۆڕێ ، هەروەها چات گیپیتیش  . خوێندکاران ئەرکەکانی ماڵەوەیان بە زیرەکی دەستکرد جێبەجێ دەکەن.. ئامادە دەکەن. لێرەدا پرسیارێکی تری ڕەوشتی قوت دەبێتەوە: ئایا پێویست دەکات ئەمە قەدەغە بکرێت؟!

Gerard de Melo :چوارەم: پرۆفیسۆری زیرەکی دەستکرد  لە پەیمانگای Hanso- Plattner لە شاری پۆتسدام:

مۆدێلی بەرهەمێنەری ڕۆبۆرتی گفتوگۆ  لە ئایندەدا باشتر دەبێت و لەبری تەنیا تێکست و وێنە  دەتوانێ فیلم و دەنگ یاخود ڤیدیۆی یوتوب مەشق پێ بکات ..

ئەمەش وا دەکات لە مرۆڤ باشتر فێربێت. هەر وەک ئەوەی چات گیپیتی دەتوانێ لە پرۆگرامسازیدا هاوکاری بکات کە بەڕستکی شۆڕشە ئەوانەی کاری گەشەپێدانی ئەم تەکنەلۆجییە دەکەن دەبێت  فێربن زوو هەڵەکە بدۆزنەوە و ئێستا دەتوانن ڕاستەوخۆ لەناو خودی سیستەمەکەدا  پرۆگرامسازی بکەن  یاخود هەڵەکە دیار بکەوێ ..

لە قوتابخانە چات گیپیتی دەتوانێ وەک ڕاهێنەرێک Coach /بێت و بە ئارامی وەڵامی پرسیاری زۆر بداتەوە. هەر وەک پرۆگرامی ۆرد و ئێکسل و پاوەرپۆینت  هاوکاری بێشکەش بکەن .

بە بڕوای من پێویستە ئێمە ستراکچەری کۆمەڵایەتی بگۆڕین . خوێندکاران تەکنەلۆژی و بە دیاریکراوی بۆ ئەمە بەکار بهێنن، کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بەکراوەیی دەمێنێتەوە: ئەویش گوشارە لە پێناوی توانای بەرهەمهێنان و بیری پێشبڕکێیانە .  تەکنەلۆژیا ئاماژە بۆ ....کێشەی سیاسی دەکات، بەڵام نایخوڵقێنێ..

یوڤال هەراری فەیلەسووف و مێژوونووس دەڵێ :

"ئامێرەکانی پێشووی وەک چایخانە و ڕادیۆ  هاوکاربوون لە بڵاوکردنەوەی بیروڕای ڕۆشنبیریی بۆ خەڵک بەڵام خۆیان هەرگیز داهێنانێکی فیکریی و ڕۆشنبیریی نوێی تایبەت بەخۆیان نەبووە.. شتەکە لە جەوهەردا دەگۆڕێ و دەشێ زیرەکی دەستکرد بتوانێ بیروڕا و فیکری و نوێ و ڕۆشنبیریی دروست بکات؟..!

نووسەر  مالتە لیهمینگ  دەڵێ: چات گیپیتی هێندە بەتوانایە داوای لێ دەکەم بە ٣٠٠٠ پیت بە ستایلی Malte Lehming باسێکم لەسەر ئازادی ئاینی بۆ بنووسێ... هەر ٢٠ چرکەیەکی پێدەچێ ناوبراو خواستەکەم

کتومت بە پانی درێژی وەک خۆی جێبەجێ دەکات . ئەوەی جێی سەرنجە دەتوانم هەمان پرسیاری لێ بکەم ئازادی ئایینی لە وڵاتی ئەمەریکا!.. دیسان ئەرکی خۆی بەوردی جێبەجێ دەکات..پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە تا بەتەواوی و دروستی و پێرفێکی هەموو کارەکانی بکاتهێشتا کات پێویستە.. چاتی ناوبراو دەتوانێ تێکسکورت بکاتەوە و هەندێ پرۆگرامی هەیە دەتوانێ سیمفۆنی بیتهۆفنیش سەرلەنوێ بنووسێتەوە...

رۆژی ٣١,٥,٢٠٢٣ سەرەکوەزیرانی دانگمارژ وتارێکی جا نیوەی بە چات گیپیتی نووسی و دەنگدانەوەی گەورەی لێ کەوتەوە...

پرۆگرامی قوتابخانە دەگۆڕێ بەکورت هەموو لەسەرەتای شۆرشێکی نوێداین..

گوگل ئێستا مەکینەیەکی تری گەڕان/ سێرچی داهێناوە بە ناوی KI- Tools کە بریتییە لە Search Generative Experience SGE کە جارێ بەس لە ئەمەریکا هەیە دەتوانری پرسیاری قورس و ئاڵۆزی لێ بکرێ و وەڵام دەداتەوە و ئەگەر بە وەڵامەکەش ڕازی نەبوویت دەتوانی پرسیاری تری لێ بکەیت..

تۆ بڵێی مرۆڤایەتی بەدەستی مرۆڤایەتی کۆتایی بێت؟! بەڵێ ئەگەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی فریای خۆی نەکەوێ کەسانی دەروون نەخۆش و چڵێسی دەسەڵات لەئۆتۆکرات و دیکتاتۆر و خوێنمژان کە نێتیان خراپ و نەخۆشانەیە دەتوانن کارێک بکەن چارەنووسی مرۆڤایەتی بەتەواوی بخەنە بەردەم هەڕەشەی نەمانەوە!.. بەڵام بەدیوەکەی تردا تا ئەم چرکەساتە باوەڕم بەوە نییە کۆمپیوتەر و مەکینە بتوانێ جێی مرۆڤ و ئەقڵی بگرێتەوە ...

ئەم بابەتی زیرەکی دەستکرد و فرە مۆدێلەکانی کۆتایی نییە و بەردەوام لەسەری دەنووسرێ و بیروڕای جیاواز بەرهەم دێ!.. ئەم هەوڵەی بەندە بەرکولێکی سەرەتایی ئەو باسەیە ..

سەرنج: سەرچاوەی ئەم بابەتە چەندین وتارێکی رۆژنامەی دێرتاگەسشپیگلی ئەڵمانییە..